


**دڵشاد شەهاب وەزیری شارەوانی بۆ گوڵان:**

# دەمانەوێت پێناسەی وەزارەتی شارەوانی لە وەزارەتی بەرژەوەندی تایبەتەوە بگۆڕین بۆ وەزارەتی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک

دەکرێت لە ئێستاوە بڵێین دڵشاد شەهاب وەزیری شارەوانی بێ گەشت و گوزار، لەبەر ئەوەی ئەو لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونییەوە وەك وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان و لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەتدا پێشنیاری ئەوەی کرد، ئەو خواستی ئەوەیە گەشت و گوزار دەستەیەکی سەربەخۆ بێت و سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت، لەمەش زیاتر ئەو بە باشی دەزانێت لە قۆناخی ئاییندەدا گەشت و گوزار ببێتەوە بە وەزارەتێکی سەربەخۆ، بۆ ئەمەش بەڕێز نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی بۆردی دارایی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی بۆردەکەدا ئەم پێشنیارەیان پەسەند کردووە و ماوەتەوە ئەوەی لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند بکرێت، پاشان بدرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەیاسا ئەم جیاکردنەوەیە تەسدیق بکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گوڵان بێ دڵی دڵشاد شەهابی نەکردوو تەنها وەك وەزیری شارەوانی پرسیاری ئاراستە کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵمانداوە بەرنامەی وەزارەتی شارەوانی لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری کابینەی حەوتەم بخەینەڕوو کە وەزارەتی شارەوانی وەك وەزارەتێکی خزمەتگوزاری ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان، ئەمەش دەقی دیمانەی بەڕیز دڵشاد شەهاب وەزیری شارەوانی یە.



*** خەڵك ئومێدێكی گەورەی لەسەر ئەم كابینەیە دروستكردووە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەم ئومێدەی خەڵك تەنها لەبەرئەوەیە كە شەخسی كاك نیچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتە، یان كابینەی حەوتەم میكانیزمێكی تازەی بۆ هەڵسوڕاندنی وەزارەتەكان هەیە؟**

- یەكێك لەو خاڵە گرنگانەی لەم كابینەیە ئومێدی بەخەڵك بەخشیووە، بوونی جەنابی كاك نیچیرڤان بارزانی یە لە سەرۆكایەتی حكومەت، ئەمەش بەرەنجامی كۆمەڵێك هۆكارە كە لەئەزموون و كاریگەری ئەو سەركەوتنەكانی پێشتری رەنگیداوەتەوە، بەڵام دیسان جەخت لەوە دەكەمەوە هەموو كات ئەزموون سەركەوتنەكانی كاك نیچیرڤان بارزانی بەرهەمی ئەو ستاف و میكانیزمە بووە كە جەنابی پیادەی كردووە، بۆیە ئەمجارەش ئەركی سەرخستنی ئەو ئومێد و هیوایەی كە خەڵك بە كاك نیچیرڤان بارزانی هەیە، دەكەوێتە سەرشانی ئەو ستافەی هاوكاری بەڕێزیان دەكات، بۆیە منیش وەك وەزیری شارەوانی هەموو هیواو ئاواتم ئەوەیە بەشێوەیەك كاربكەین كە ئەگەر نەشتوانین ئاستی هیواو ئومێدەكانی خەڵك لەوەی ئێستا بەرز بكەینەوە، لەئاستی ئەوەدا بم بتوانم پارێزگاری بەو هیواو ئاواتانەوە بكەم كە خەڵك بەجەنابی كاك نێچیرڤان بارزانی هەیە.

*** لەماوەی دەستبەكاربوونی كابینەی حەوتەم هەستدەكرێت یەكێك لە هێڵە گشتیەكانی بەرنامەی كابینەی حەوتەم، پیادەكردنی بەرنامەی ئەكتیڤ و كورت مەودایە، ئایا ئێوە وەك ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری شارەوانی چۆن ئەم بەرنامەیە تەرجەمەی واقیع دەكەن؟**

- گرنگترین خاڵی بەرنامەی كابینەی حەوتەم بریتیە لە هەوڵدان بۆ دروستكردنی پەیوەندیەكی تەندروست لەنێوان هاووڵاتیان و حكومەتدا، ئەمەش پێویستی بە هێنانە كایەی زەمینەیەكی ئارامی و سەقامگیری هەیە لە ڕووی سیاسیی و وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارییەوە، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لەهەنگاوەكانی جەنابی كاك نیچیرڤان بارزانی بدەین لە سەروبەندی پێكهینانی كابینەكە و لەگەڵ دەسپێكی كارەكانی لەناو حكومەتدا، بەتایبەتی پەیوەندیكردن بووە بەسەرجەم لایەنە سیاسیەكانی كوردستان و خستنەڕووی بیروبۆچوونەكانی خۆی و هەستكردن بەبەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە و هەستكردن بە خواست و پێداویستی هاووڵاتیان، ئەمانە هەمووی لەو بڕوایە بوون كە بەڕێزیان هەوڵیداوە ئەو زەمینەیە لە میانەی پەیوەندی ئاسایی نێوان لایەنە سیاسیەكان و ئەكتیڤكردنی دەزگای چاودێری بۆ كارەكانی حكومەت بە پلەی یەكەم پەرلەمانی كوردستان، دروست بكات، هەربۆیە ئەگەر ئێستا تەنها زەمینەی بارودۆخی ناوخۆی كوردستان وەك پێوەرێك بۆ كاركردن سەیر بكەین، دەبینین ئێستا لە هەركاتێكی دیكە لەبارترە بۆ كاركردنی حكومەت، ئەگەر ئەم زەمینەیە ناوخۆیەش نەبێت، ئەواچەند پرۆگرامی باش هەبێت و چەند تواناشمان هەبێت، ئەوا سەركەوتن دەبێتە كارێكی ئەستەم.

*** سەبارەت بە بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان خەڵك و حكومەت، بێگومان لەم چوارچێوەیەدا وەزارەتی شارەوانی و ئەركێكی قورسی دەكەوێتە سەرشان، ئێستا تۆ وەزیری ئەم وەزارەتەی ئایا چۆن خۆت ئامادەكردووە كە ڕووبەڕووی ئەم ئەركە قورسە ببێتەوە؟**

- ئەم ئەركە بۆ وەزارەتی شارەوانی بە پلەی یەكەم دێت، من لەماوەی دەست بەكاربوونم وەك وەزیری ئەم وەزارەت، هەستمكردووە ئەم وەزارەتە لە تیڕوانینی خەڵكدا لەبری ئەوەی وەك وەزارەتێكی خزمەتگوزاری سەیر بكرێت، وەك وەزارەتێكی دەستەبەركردنی بەرژەوەندییە كەسیەكانی كۆمەڵێك خەڵك ناسراوە، بۆیە هەنگاوی یەكەمی ئێمە ئەوەیە هەتا پێناسەی دروستی ئەم وەزارەتە وەك وەزارەتێكی خزمەتگوزاری بەكردەیی لای خەڵكی خۆمان نەسەلمێنینەوە ناتوانین هیچ بكەین، هەربۆیە هەوڵدان بۆ دابینكردنی خزمەتگوزارییە سەرەكیەكانی خەڵك وەك ( دابینكردنی ئاوی خواردنەوە، دروستكردنی ئاوەڕۆ، پاكردنەوەی شار و شارۆچكەكانی كوردستان، گرنگیدا بەپلانسازی و جوانی ئایندەی شار و شارۆچكەكان، ..هتد) لە ئەولەویەتی كارەكانی ئێمە دەبێت بۆ ئەوەی ئەو قەناعەتە لای خەڵكی خۆمان دروستبكەینەوە بەوەی تەنها بەچاوی موساتەحە یان بەرژەوەندی تایبەتی سەیری ئەم وەزارەتە نەكەن، بۆیە ئەركی سەرەكی و ئەولەویەتمان ئەوەیە كە پێناسەی راستەقینە بۆ ئەم وەزارەت بگەڕێنینەوە بەوەی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتی خزمەتگوزاری و دابینكەری خزمەتگوزاری سەرەكییە بۆ خەڵك.

*** بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە دروست بێت لە پێناسەی وەزارەتی شارەوانی، ئەوا ئەمە پێویستی بە بەرنامە و میكانیزمێكە، ئایا بەرنامە و میكانیزمی تۆ بۆ ئەم وەرچەرخانە چییە؟**

- پێش هەموو شت گرنگیدان بەو بوارانەی پەیوەندی بە ژیانی خەڵكەوە هەیە خۆی میكانیزمێكە، بۆ نموونە ئێمە لەیەكەم كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتدا بڕیاری ئەوەماندا كە دەبێت رۆتین لە دامودەزگاكانی وەزارەت كەمبكرێتەوە و، هاووڵاتی پلەی یەكەم وەربگرێت لە گرنگیپێدان، ڕاشكاوانەتر ئەركی سەرەكی ڕۆژانەی ئێمە ئەوەیە بتوانین ببینە جێگای ڕەزامەندی هاووڵاتیان، ئەم ڕەزامەندییە تەنها ئەوەندە نییە هاووڵاتیەك مامەڵەیەكی لەوەزارەتی شارەوانییە و مامەڵەكەی بۆ ڕایی بكرێت، ئەمە بەشێكە بەشەكەی تری ئەوەیە ئەو هاووڵاتیانەی هیچ مامەڵەیەكیان لەوەزارەت نییە و چاوەڕێیە خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی پێ بگات، بۆ ئەمە دەستمانكردووە بەوەی كۆمەڵێك سەردان بكەین، ئەو سەردانانە بۆ دوو مەبەست بوون، یەكەمیان: بۆ دابەزاندنی دەسەڵات و پشتگیری دامودەزگاكانی خوار وەزارەت بووە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە پیادەی بكەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتەكان وەك خۆیان جێبەجێ بكرێن زۆر لەو كێشانە چارەسەر دەبن و مامەڵەی هاووڵاتیان دواناكەون، من ڕاشكاوانە دەڵێم هۆكاری دواكەوتنی مامەڵەی هەندێك لە هاووڵاتیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،كە كارمەندانی شارەوانی لەسەر ئەوە رانەهاتوون بڵێن ئەم مامەڵەیە بە شێوازی یاسایی ناكرێت و رەتی بكاتەوە، بۆیە دەبێت ئەم نەریتە بگۆڕێت و لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆمان ڕاشكاو بین، ئەمەش پێویستی بە پشتگیریی هەیە و دەبێت هەوڵبدەین كارمەندەكانی وەزارەت لەهەر ئاستێكدا بن لە ڕێگەی یاساوە بیانپارێزین، بۆیە یەكێك لەبەرنامەكانی ئێمە ئەوەیە ئەم هەستە مەعنەوییە بۆ كارمەندانی خۆمان بگێڕینەوە بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ پارێزگارەكان و سەرۆكی یەكە ئیدارەییەكان قسەمان كردووە، هەروەها لە ئەنجوومەنی وەزیران خراوەتە ڕوو لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆش باسمان كردووە.

سەبارەت بە هەنگاوی دووەمیشمان بە دواداچوونی پڕۆژەكانە لەنزیكەوە، بۆ ئەمەش بەرنامەمان بەو جۆرەیە كە مانگانە یان بە شێوەیەكی وەرزی بەدواداچوون لەسەر پڕۆژەكانی خۆمان بكەین، هەروەها هەندێك پڕۆژە هەن بەڵام جێبەجێ نەكراون، بۆیە هەر پڕۆژەیەك حكومەت پارەی بۆ تەرخان بكات و پەرلەمان پەسەندی بكات، قبوڵ ناكەین لەبەر پارێزگای ئەم پڕۆژەی نەچێتە بواری جێبەجێ كردن، یان بەشێوەیەكی سست بەڕێوەبچێت، لەم ماوەیەدا بەشێكی زۆر ئەو كەموكورتیانەمان دەستنیشان كردوون و بەشێكیشمان چارەسەر كردوون، هەروەها لەو ماوەیە تێبینیم كردووە بەشێكی زۆر لە مامەڵەكانی فەرمانگاكانی شارەوانی بەتەنها لە پارێزگای هەولێر دێتەوە وەزارەت، ئەمەش واتە ئەو كارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكان یان سەرۆكایەتی شارەوانی لە سلێمانی یان دهۆك جێبەجێیان دەكات، بەڵام لەهەولێر دێتەوە وەزارەت. بۆیە ئەمەش دەبێت چارەسەر بكرێت و ئەو رۆتینەش نەمێنێت لەبەر ئەوەی رۆتینێكی زیادە و دەبێت چارەسەری بكەین، بۆ ئەمەش لە هەفتەی رابردوو بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر لەگەڵ فەرمانگا پەیوەندارەكانی وەزارەت لە پارێزگای هەولێر كۆبوونەوەمان كردووە و بڕیارمانداوە دەبێت ئەوانیش دەسەلاتەكانی خۆیان وەك پارێزگاكانی دیكە پیادە بكەن.

*** ئێستا خەڵکێکی زۆر بۆ قەرەبوو سەردانی وەزارەت دەکەن، ئایا ئەم پرۆسەیە هەر لەڕێگەی وەزارەتەوە جێ بەجێ دەکەن یان میکانیزمێکتان بۆ ئەمەش داناوە؟**

- راستە ماوەیەکە زۆربەی مامەڵەی هاووڵاتیانیش لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆیە ئێستا ئێمە بڕیارمانداوە لەهەر شوێنێك شارەوانی لێ هەبێت، ئەوجا سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگاکان بێت یان قەزا بێ یان ناحیە یان گوندێکی گەورە بێت، لیژنەی قەرەبووکردنەوە دابنرێت کە لیژنەیەکی هەمەلایەنەیە کە پێکدێت لەنوێنەری شارەوانی و نوێنەری یەکەی ئیداری ناوچەکە، نوێنەری کشتوکاڵ، نوێنەری دارایی، نوێنەری تاپۆ لە ناوچەکە، پاش ئەوەی ئەم لیژنەیە مەزندەی قەرەبووەکە دەکات، خاوەن موڵك خۆیشی لەوێ دەبێت ئیمزای دەکات، ئەمەش واتە ڕەزامەندی خاوەنی موڵکەکەشی لەسەر دەبێت.

*** ئەگەر لە قەرەبووکردنەوە بێینە سەر مەسەلەی زێدەڕۆیی و کێشەی خانووە بێ تاپۆکان کە ئەوانیش گرفتێکی دیکەن، ئێستا پڕۆژەی یاسایەك ئامادەکراوە بۆ ئەوەی پەرلەمان پەسەندی بکات و بەپێی ئەو یاسایە کێشەی زێدەڕۆی چارەسەر بکرێت، لە کاتێکدا هەندێك دەڵێن هۆکاری زێدەڕۆیی دواکەوتنی ماستەر پلانە، ئایا چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە حەز دەکەم لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە ڕوونکردنەوەیەك لەسەر زێدەڕۆیی بدەم، ئەویش ئەوەیە زۆربەری زۆری خەڵکی کوردستان وادەزانن هەموو زەوی هەرێم موڵکی شارەوانییە، بۆیە هەر زێدەڕۆییەك لە هەر شوێنێك لەسەر زەوی بکرێت، راستەوخۆ پەیوەندی بەئێمەوە دەکرێت و لێمان دەپرسن ئێوە چۆن قبوڵ دەکەن ئەو زێدەڕۆییە دەکرێت، بۆیە لێرەوە دەمەوێت بە هاووڵاتیانی کوردستان رابگەیەنم، کەمترین زێدەڕۆیی کە لەسەر زەوی دەکرێت زەوییەکانی شارەوانییە، ئەو زێدەڕۆییانەی دەکرێن لەو قۆناخانەدایە پێش ئەوەی زەویی ببێتە موڵکی شارەوانی، کە بووە موڵکی شارەوانی ئێمە ئیفرازی دەکەین و بەپێی سێکتەرەکان دابەشی دەکەین و بواری ئەوە نامێنتەوە هاووڵاتی زێدەڕۆیی لەسەر بکات، ئەوجا لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی زێدەڕۆیی ئێستا لەپەرمان دوو پڕۆژەی یاسا هەیە، یەکێکیان پڕۆژە یاسای تاپۆکردنی خانووە بێ تاپۆکانە، ئەوی دووهەمیان چارەکردنی دیاردەکانی زێدەڕۆییە، ئەمە دوو مەسەلەی جیاوازن بۆ نموونە لە مەسەلەی خانووە بێ تاپۆکاندا، لەزۆر شوێن خانووی بێ تاپۆمان هەیە، بەڵام ئەو خانووانە جۆرە دابەشکردنێکی تێدایە لە هەندێ شوێن بە ئاگاداری حکومەتیش دابەشکراوەو

**وەک وەزیری شارەوانی هیواو ئاواتم ئەوەیە بەشێوەیەک کاربکەین لەئاستی ئەوەدا بم بتوانم پارێزگاری بەو هیواو ئاواتانەوە بکەم کە خەڵک بەجەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی هەیە**

**تاکو بودجە پەسەند نەکرێت ناتوانین هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ پڕۆژەی ئاوەڕۆی هەولێر بنێین**

**نێچیرڤان بارزانی ئەو زەمینە ئارام و سەقامگیرییەی خوڵقاند کە بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی حکومەت زۆر پێویست بوو**

**بەهێزکردنی پێوەندی نێوان خەڵک و حکومەت لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی شارەوانی یە**

**دووبارە پێناسەی وەزارەت دەکەینەوەو وەک وەزارەتێکی خزمەتگوزاری نەک وەزارەتێک بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان**

**مانگانە یا بەشێوەی وەرزی بەدواداچوون لەسەر پرۆژەکانی شارەوانی دەکەین**

**لە وەرزی گەشتیاریدا هیچ ئالیەت و توانایەک نییە بەدوای ئەم پانتاییەی هەزارەها دۆنم زەوی بگەڕێت و پاکی بکاتەوە**

**لەهەرشوێنێک شارەوانی لێبێت لیژنەکانی قەرەبووکردنەوە دادەنێین**

**گرفتی پرۆژەی ئاوی کۆیە بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات**

**پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەو چەمچەماڵ لە پلاندایە**

**گرێبەستی پێشوو بۆ دانانی پێوەری زیرەک شکستی هێناو ئێستا هەنگاومان ناوە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا پێوەرێکی زیرەک دادەنێین**

**پرۆژەکانی ئاوی ئاکرێ و قەندیل و شەقلاوەو هاوینەهەواری سەلاحەدین لە جێبەجێکردن دایە**

خانووەکانیش بەدیزاینێکی باش دروستکراون، لەمەش زیاتر خزمەتگوزاریشی بۆ چووە و بەشدارن لە ئاو و کارەبا، بەڵام کێشەکەیان تەنها ئەوەندەیە تاپۆیان نییە، ئەمە پێی ناگوترێت زێدەڕۆیی بەڵکو پێیان دەگوترێت خانووە بێ تاپۆکان، بۆ ئەمانە ئێستا پڕۆژەی یاسایەك لە پەرلەمانە من ئێستا ناتوانم قسەی لەسەر بکەم لەبەر ئەوەی لە پەرلەمان موناقەشەی لەسەر دەکرێت و لەوانەیە کەم و زیادی تێدا بکرێت، بەڵام ئەم خانووانە لەگەڵ ماستەر پلان و نەخشەی بنەڕەتی شارەکان یەکدەگرنەوە و هیچ کێشەیان نییە، ئەمانە ڕێوشوێنی یاسایی بۆیان دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی تاپۆ بکرێن، تاپۆش دەکرێن، سەبارەت بە زێدەڕۆییەکانیش وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دوای تەواو بوونی ماستەر پلانەکان زیاتر ڕووندەبێتەوە زیدەڕۆییەکان چۆنن، بەوەی ئایا زێدەڕۆیی کراوە بۆ نیشتەجێن یان زێدەڕۆیی کراوە بۆ بوارەکانی دیکە.

*** سەبارەت بە میکانیزمت بۆ کاری وەزارەت تۆ ئاماژەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان کرد، بەڵام بۆچوونێکیش هەیە دەڵێت دەسەڵاتی وەزیری شارەوانی بە قەوارەی وەزارەتەکەی نییە، بۆیە هەتا ئەگەر دەسەڵاتەکانیش دابەشبکرێت، بەشی ئەوە ناکات کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت، ئایا تۆ لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەسەڵاتی وەزیری شارەوانی بە قەوارەی وەزارەتەکەی نییە، زیاتر بۆ باری دارایی کراوە، بۆیە ئەم بوارەی لێ دەربچێت ئێمە لەبواری هونەری و کاری ڕۆژانەی وەزارەتدا کێشەی ئەوتۆمان نییە، بەڵام لەبواری دارایی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی باسی ئەوەمان کردووە کە دەبێت وەزیری شارەوانی پشتگیرییەکی زیاتر و دەسەڵاتێکی زیاتری هەبێت، هەروەها ئەو بودجەیەشی بۆی تەرخاندەکرێت پێویستە دەسەڵاتی وەزیر فراوانتر بێت، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان شارەوانی خۆی داهاتی هەیە، دووەم لەبەر ئەوەی هەندێك لە کارەکانی شارەوانی بەرگەی دواکەوتن ناگرن، لەم ڕووەوە پێویستمان بە دەسەڵاتی زیاتر هەیە، ئومێدیشمان هەیە لەم کابینەیەدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت.

*** وەك خۆشت ئاماژەت پێکرد، وەزارەتی شارەوانی داهاتێکی باشی هەیە، ئێوە ئەم داهاتە چی لێدەکەن بۆ سوودی لێوەرناگرن بۆ کارە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت؟**

- داهاتی وەزارەتەکان داهاتی حکومەتن، بۆیە ئەگەر بڵێین وەزارەتەکانی کارەبا و تەندروستی و ناوخۆ و شارەوانی داهاتی خۆیان هەیە و با ئەو داهاتە خۆیان سەرفی بکەنەوە، ئەوا داهاتی حکومەتیش بریتیە لە کۆی ئەو داهاتانە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی داهات داهاتی حکومەتە، بەڵام بەپێی یاسایی وەزارەتی شارەوانیش هەندێك دەسەڵات بۆ شارەوانییەکان هەن، بەوەی لە داهاتی خۆیان سوود وەربگرن، بەڵام بەداخەوە داهاتی شارەوانییەکانیش بەو ئاستە نین لانی کەم پێداویستیە پێشنیارکراوەکانی پێ جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین داهاتی شارەوانییەکان لەوە زیاتر بێت کە پێویستمان پێیەتی ئەوکات دەستمان کراوەتر دەبێت، هەروەها ئێستا وەزارەتی کارەبا ئەو بوارەی پێدراوە خۆی تەسەروف بە داهاتی خۆیەوە بکات، بۆیە ئێمەش لە هەوڵێکی جدی داین بۆ ئەوەی بتوانین تەسەروف بە داهاتی شارەوانییەکانەوە بکەین.

*** لە تێکڕای قسەکانی تۆ،من ئەو سەرنجەم لادروست بوو کە دڵشاد شەهاب دەیەوێت بەس وەزیری شارەوانی بێت لەبەر ئەوەی کەباسی زێدەڕۆییەکانت دەکرد، زەوی شارەوانیت لە گەشت و گوزار جیادەکردەوە، ڕاشکاوانەتر دەیەوێت گەشت و گوزار دەستەیەکی سەربەخۆ بێت و لە شارەوانی جیابێتەوە، ئایا ئەم بۆچوونەی تۆ لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- سەبارەت بە مەسەلەی زەوی لەوانەیە مەبەستم نەبووبێت زەوییەکانی گەشت و گوزار لە زەوییەکانی شارەوانی جیابکەمەوە، بەڵام سەبارەت بە بەشەکەی تری پرسیارەکەت بەوەی پێمانباشە دەستەی گەشت و گوزار دروست بێت و لەوەزارەتی شارەوانی جیا بێت، بەڵی ئەمە پرسیارێکی دروستە، ئێمە ئەمەمان پێباش بووە و لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت لە کابینەی حەوتەمدا من ئەو پێشنیارەم کردووە، هۆکار ئەمەش لە دوو روانگەوەیە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی کەرتی گەشت و گوزار کەرتێکی زۆر گرنگە و پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت، دووەم ئەوەیە ئێمە کاتێك نەماندەتوانی بایەخ بە گەشت و گوزار بدەین و زەمینەکە گونجاو نەبوو، وەزارەتێکمان هەبوو بە ناوی وەزارەتی گەشت و گوزار، بەڵام ئێستا قۆناخە چۆتە پێش و زەمینەکە گۆڕدراوەو توانای ئەوەمان هەیە بایەخ بەم کەرتە گرنگە بدەین، دەبینن لە چوارچێوەی کابینەی شەشەم لە پرۆسەی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان، گەشت و گوزار بۆتە بەشێك لەوەزارەتی شارەوانی، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی بایەخێکی زیاتر بە کەرتی گەشت و گوزار بدرێت، بەڵی پیشنیاری ئێمە بووە کە گەشت و گوزار بکرێتەوە بە دەستەیەکی سەربەخۆ و راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت. زەمینەش بۆ ئەم جیاکردنەوەیە لەبارە، لەبەر ئەوەی کاتێك وەزارەتی گەشت و گوزار هەڵوەشاوەتەوە هەیکەلی وەزارەت ماوە، فەرمانگاکانی گەشت و گوزار وەك خۆیان ماون، بۆیە پرۆسەکە ئاسانە و بە مەزندەی بۆردی دارایی هەرێم کە سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی بۆردەکە دەکات و جێگری سەرۆکی حکومەت جێگری ئەنجوومەنی بۆردەکەیە، لەدوا کۆبوونەوەی خۆیاندا ئەو پێشنیارەیان پەسەند کردووە، ئێستا لە قۆناخێکدایین ئەم پێشنیارە لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند بکرێت و بدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بەپێی یاسای وەزارەت ئەم جیاکردنەوەیە بکرێت.

*** ئەم جیاکردنەوەیە دەسەڵاتی تۆ کەمدەکاتەوە تەنها بۆ دەسەڵاتی وەزیری شارەوانی، ئایا ئێوە نەتاندەزانی دەسەڵاتەکانتان کەمدەبێتەوە؟**

- من کە ئەم پێشنیارەم کردووە، پیش هەمووان هەستم بەوە کردووە، بەڵام کاتێك ئێمە لەئاستی بەرژەوەندی گشتی وڵات بیر بکەینەوە، ئەوا بەلای منەوە بایەخدانی زیاتر بە کەرتی گەشت و گوزار کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی، لەوە گرنگترە کە دەسەڵاتەکانی من وەك وەزیر کەمبێتەوە یان نە.

*** وەك سەرەتا خۆت ئاماژەت پێکرد هەتا ئێستا وەزارەتی شارەوانی بەوەزارەتی کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتی ناسراوە، بەدیوێکی تر واتا بە گەندەڵی ناسراوە، چونکە زۆرترین گەندەڵی تێدا دەکرێت، بەرنامە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەشی زۆری ئەو بوارانەی گرتەوە کە پەیوەنداره بەوەزارەتی شارەوانی ئایا بەڕێزتان تاچەند لەخۆتان ڕادەبینن بەرەو ڕووی ئەو دیاردەی گەندەڵییە ببنەوەو بتوانن هەنگاوی پراکتیکی بنێن و خۆتان لەبەر ئەو چارەسەر بگرن؟**

-سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە مەرج نییە هەموو کارێکی بەرژەوەندی بوارێك بێت بۆ گەندەڵی، کاتێك دەوترێت وەزارەتێکە جێگای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە ئەمە بەو واتایە ناگەیەنێت کە ئەمە وەزارەتێکە دەرگایەکی بەرفراوانە و بۆ گەندەڵی کراوەتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی لەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو یاسایانەی کەوا ئەو بوارەی پێ ڕێکخراوە بەراستی کەموکورتی یەکجار گەورەی تێدا بووە، تەنها بابەتێك کە وا باسی گەندەڵی لێدەکرێت لەسەر وەزارەتی شارەوانی و لە ڕاپۆرتەکانی چاکسازی و لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە؛ بابەتی موساتەحەیە، موساتەحە تا ئێستا ئێمە بەیاسایەکی کۆن جێبەجێ دەکرێت کە یاسای عێراقە و تایبەتە بەکرێدانی موڵکی دەوڵەت. خۆتان دەزانن پێشتر موساتەحە لەعێراق بریتی بووە لەتەرخانکردنی زەوی بۆ فرنێکی سەموون یا گەرماوێکی گشتی و دوکانێکی سەرتاشین و چەند مارکێتێکی زۆر بچووك، ئێستا هەمان ئەو یاسایە کاری پێ دەکرێت لەدروستکردنی هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی یا لە دروستکردنی پڕۆژەیەکی زۆر گەورەی نیشتەجێبوون یا کۆمەڵگایەکی تەندروستی و چەندین بواری تر، کە ئەمە بەراستی بوارێکی زۆر گەورەی تێدایە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی

تێدا خراپ بەکاربهێنرێت، هاوکات مەسەلەی وەبەرهێنانیش هاتە پێشەوە ئەمیش پەیوەندی بەشارەوانییەوە هەیە لەبەر ئەوەی شارەوانی زەوی بۆ تەرخان دەکات، بۆیە هەتا پرۆژەکەی وەبەرهێنایش خراپ بێت هەر لەسەر وەزارەتی شارەوانی حساب دەکرێت. ئەمە لەکاتێکدا دوای ئەوەی ئێمە زەویمان بۆ پرۆژەکە تەرخان کرد، ئێمە پەیوەندیمان پێوەی نامێنێت. بۆ ئێستا ئەوەی چێی ئومێدو دڵخۆشیشە ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی هەرێمە بۆ ڕێکخستنی ئەم مەسەلەیە بەشێوەی لیژنەی تایبەتی هەمە لایەنە، کە ئەمبوارەی تەشەنەکردنی گەندەڵی زۆر کەمدەکاتەوە. لێرەدا دێمە سەرخاڵێکی تر ئەویش مەسەلەی جێگیرکردنی ماستەرپلانەکان و ڕێکخستنی ئەو بارودۆخانەی کە پێشتر نەبوون، یەکێك لەو هەنگاوانەی دەبێتە پاڵپشت بۆ ڕێگاگرتن لەتەشەنەکردنی گەندەڵی ماستەر پلانە. ئەوجا سەبارەت بەوەی تاچەند دەتوانین ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە وەك دەڵێن هەندێك گەندەڵی هەیە خەڵکی لە پشتەوەیە، من زۆر بەڕاشکاوەیی رایدەگەیەنم لەلایەن خودی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە پاڵپشی دەکرێین بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە نەهێڵین، بۆ ئەمەش چوومەتە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵات و پاڵپشتی و پشتگیرییەکی تەواومان لە بەرزترین دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە پێی راگەیاندووین کە پشتگیری یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی شارەوانی و پشتگیری وەزیری شارەوانی دەکات بۆ ئەوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانە جێبەجێ بکەین بەسەر هەموو کەسێکدا بێ جیاوازی، بۆیە دەتوانم بڵێم بەڵێ زۆر بەئومێدین کەوا بتوانین نەك بەرێژەیەك بگرە بەیەکجارەکی ئەم مەسەلەیە بنبڕ بکەین .

*** دەتوانیت بەوە گەشبینم بکەی، ئەگەر ئێستا پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان مۆڵەت لە شارەوانی وەرنەگرێت و چاودێرییەکی شارەوانی بچێتە سەر پڕۆژەکە چاودێرەکە دارکاری نەکرێت؟**

- پڕۆژەی بێ مۆڵەت واتا بەبێ مۆڵەتی بینا، بۆیە من بەشێوەیەکی دیکە وەڵامت دەدەمەوە، هەر ئەمڕۆ لەسەر جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەی کە پێویستە بیناکەی لەسەر بکات لێپرسینەوەمان لەگەڵ هەندێك کەس کردووە، بۆیە هەتا ئەگەر بەرێژەیەکی زۆر کەم لە نەخشە پەسەندکراوەکەش لای دابێت لێپرسینەوەمان لەگەڵدا کردوون.

*** دێینە سەر پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، کە گرنگترینیان پڕۆژەکانی ئاوە لەکوردستاندا، بەڵام وەکو بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی کە بۆ شارو شارۆچگەکانی کوردستان دەیکەین، دەبینین گەورەترین کەمتەرخەمی لە پڕۆژەکانی ئاویخواردنەوە کراوە، تەنانەت پڕۆژە هەیە**

**زەوییەکانی شارەوانی بەبەراورد لەگەڵ زەوییەکانی تر کەمترین زێدەڕۆیی لەسەر کراوە**

**پڕۆژەی تاپۆکردنی خانووە بێ تاپۆکان و چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی بۆ پەرلەمان بەرز کراوەتەوە**

**لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت پێشنیارم کرد گەشتوگوزار لە شارەوانی جیابکرێتەوە**

**لەلایەن خودی جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە پاڵپشتی و دەسەڵاتم پێدراوە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی**

**هیچ وەزیرێک ناتوانێت ببێتە بەدیلی هیچ فەرمانبەرێکی وەزارەتەکەی**

**پڕۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە کە بەیەکێک لەو پڕۆژانە دادەنرێت کە گرفتی تێدا بووە و گرفتەکەمان گەیاندۆتە دوا قۆناغەکانی چارەسەری**

**گەر بێتوو پڕۆژەی ئیفراز ٤ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە نەک تەنیا بۆ گەڕەکەکانی ناو هەولێر سوودی هەیە بەڵکو بۆ دەوروبەری هەولێریش سوودی دەبێت**

**لەئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکرداری پێدانی سەنەد بەو زەوییانە دەکرێت کە تا ئێستا سەنەدیان نییە**

**لەئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکرداری پێدانی سەنەد بەو زەوییانە دەکرێت کە تا ئێستا سەنەدیان نییە**

**لەرۆژی سێشمە لە ناو پرسەگەی وەزارەتی شارەوانی پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکەم**

**چی تر زەوی بۆ کڕین و فرۆشتن دابەش ناکەین، دابەشکردنی زەوی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونە**

**بەتەواوەتی شکستی هێناوە، حەز دەکەین باسێکی ئەو پڕۆژانەمان بۆ بکەیت و هۆکاری شکستی هەندێك پڕۆژە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من نازانم مەبەستان لە شکستی پڕۆژە چییە!، بۆ نموونە کە ئامادەسازی بۆ پڕۆژەیەك دەکرێت پڕۆژەی بچووك بەپشتبەستن لەسەر ئاستی گوندێك یا لەسەر ئاستی ناحیەك و پشتبەستن بەسەرچاوەیەکی لاوازی ئاو هۆکاری سەرەکی بووە کە هەندێکجار وایکردووە پڕۆژەکە شکست بهێنێت بۆ نموونە جاری وا هەبووە بەپشتبەستن لەسەر ئاوی ژێر زەوی کراوە و پڕۆژەکە بونیاتیش نراوە دواتر بەهۆی وشکەساڵی ئاوەکە وشك بووە، بەڵی نموونەی لەم جۆرەمان هەن، ئێستا شوێن هەیە تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوەی تەواو بووە، بەڵام سەرچاوەی ئاوەکەی نەماوەو وشکی کردووە و پڕۆژەکە بەپڕۆژەیەکی کەموکوڕی و شکست ناو دەبرێت.

*** ئێمە زیاتر باس لەشکستی پڕۆژە گەورەکانی ئاویخواردنەوە دەکەین، بۆ نموونە وەك پڕۆژەی ئاویخواردنەوەی رانییەو کۆیە چەندین شوێنی دیکەش؟**

-پڕۆژەکانی ئاویخواردنەوەی رانییەو کۆیە شکستیان نەهێناوە بەڵکو کێشەیان هەیە، کێشەکانیش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك ئەو پڕۆژانە لەقۆناغی سەرەتایی دا پلانسازی و ئامادەسازی بۆ کراوە پڕۆژەیەکی سنووردار بوون، بۆنموونە پڕۆژەیەك دروستکراون بۆ ١٠ گوند تاوەکو لەقۆناغەکانی خۆی دەستی پێکردووە و ئیمکاناتێکی باشتر هاتووەتە بەردەست بیر لەوە کراوەتەوە ئەم پڕۆژەیە لەبری ئەوەی بۆ ١٠ گوند ئاویخواردنەوە دابین بکرێت براوە بۆ ٢٥ تا ٤٠ گوند، ئەمە کێشەی دارایی و تەکنیکی بووە کە پڕۆژەیەکی وا بچووك ئەو بەرفراوانییەی تێدا دەکەیت کەبێگومان تووشی کێشە دەبێت، لەگەڵ ئەمەش دا زۆر بەدڵنیاییەوە بێت دەڵێم زۆر باوەڕمان هەیە و بە هەنگاوی کردەیش بەشێکی زۆری ئەو پڕۆژانە چارەسەر دەکەین، بۆ نموونە پڕۆژەی ئاوی دەربەندی رانییە کە بەیەکێك لەو پڕۆژانە دادەنرێت کە گرفتی تێدا بووە و گرفتەکەمان گەیاندۆتە دوا قۆناغەکانی چارەسەری، پێم وایە لەچەند رۆژی داهاتوودا گرفتی ئاوی دەربەندی رانییە بەتەواوەتی یەکلادەبێتەوەو چارەسەر دەکرێت .

سەبارەت بەپڕۆژەی ئاوی کۆیەش کە گرفتێکی دارایی هەبووە، پێویستی بەکاری زیادە و فراوانکردن هەبووە لەقۆناغەکانی وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی لەئەنجومەنی وەزیران وەرگرتووە و لەقۆناغی رۆتینی خۆی نەمانهێشتووە پڕۆژەکە بووەستێت ئێستا دەست بەکار کراوەتەوە و بەرەو چارەسەری کۆتایی دەڕوات. پڕۆژەی ئاوی ئاکرێ لەم چەند رۆژە ئیحالە کراوە و بەیەکێك لە پڕۆژە گەورەکانی ئاویخواردنەوە دادەنرێت، هەروەها پڕۆژەی ئاویخواردنەوەی قەندیل بۆ شەقڵاوەو هاوینەهەواری سەلاحەدین و گوندەکانی دەوروپشتی بەیەکێك لە پڕۆژە گەورەکان دادەنرێت . هەروەها لەم بوارەدا ناکرێت باس لە پڕۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ نەکەین کە فراوانکردنێکی یەکجار زۆری توانای بەرهەمهێنانی ئاوی ئیفراز لەهەولێر زیاد دەکات، پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجەو چەمچەماڵیش لە پلاندایە .

*** لایەنێکی دیکە کێشەی بە فیڕۆدانی ئاوە، پێشتر بەرنامەیەك هەبوو پێوەری ئاوی زیرەك دابنێین بۆ ئەوەی سنورێك بۆ بەفیڕۆدانی ئاو دابنرێت، ئەو پڕۆژەیە چەند ساڵ پیش ئێستا قسەی لەسەرکراوە،ئایا هۆکاری شکستهێنانی دانانی پڕۆژەی پێوەری زیرەکی ئاو بۆچی دەگەڕایەوە؟**

- بەڕاشکاوی دەڵێم ئەو گرێبەستەی پێشوو کرابوو بۆ دانانی پێوەری زیرەك لەپێناو کۆنترۆڵکردنی خەرجی ئاو شکستی هێناوە و کۆمپانیاکە بەتەواوەتی بەئەرکی سەرشانی هەڵنەستاوە، تەنانەت ئەو پێوەرانەی هێنابووی لەکۆنترۆڵی جۆری دەرنەچووە، هەربۆیە ئێستا کارەکەمان راگرتووەو سەرقاڵی دیراسەکردنین تاوەکو بزانین چۆن بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ گرێبەستەکە بکەین، بەڵام ئێمە دانانی پێوەری زیرەك نابەستینەوە بەمامەڵەکردن و هەنگاو دەنێین بۆ ئەوەی بەپێی سیستەمێك کە تازە لەفۆناغەکانی گفتوگۆدایە هەنگاو بۆ دانانی ئەو پێوەرە هەڵبگرین، ئێمە وەکو وەزارەت ڕازی بووین لەسەر ئەوەی دانانی ئەو پێوەرە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بەسیستەمێکی ئەلەکترۆنی یەکگرتوو بیکەین کە هەردوو خوێندنەوەی کارەباو ئاو بەشێوەی سیستمێکی پێشکەوتووی ئەلەکترۆنی دانرێت، کارەکە لەقۆناغی گفتوگۆدایەو هەنگاوی باش نراوە تاوەکو کۆنترۆڵی مەسەلەی بەفیڕۆدانی ئاویخواردنەوە بکرێت .

*** بەڕێزت باسی پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی ٤ کرد، بەڵام بڕیار بوو پڕۆژەی ئاوی ئیفراز ٣ فراوان و گەورە بکرێت و تواناکەی لە ٦٠٠٠ مەتر سێجاوە بکرێتە ١٠٠٠٠ مەتر سیجا لە کاتژمێرێکدا، ئایا پێش دەستپێکردن بەپڕۆژەی ئیفراز ٤ بۆ ئەو پلانەی تر تەواو ناکەن ؟**

- پڕۆژەی فراوانکردنی ئاوی ئیفراز ٣ و ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ تەواو دەکەین، گەر بێتوو پڕۆژەی ئیفراز ٤ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە نەك تەنیا بۆ گەڕەکەکانی ناو هەولێر سوودی هەیە بەڵکو بۆ دەوروبەری هەولێریش سوودی دەبێت بەتایبەتی لەکۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەولێر .

*** خاڵێکی تر کە دەمەوێت لەبەڕێزت بپرسم مەسەلەی ئەو زەوییانەیە کە تا ئێستا تەنیا ژمارەیە و کارتەو بێ سەنەدە ئایا ئەمە چی کاری بۆ کراوە لەبەرنامەدایە سەنەدیان بدرێتێ و خزمەتگوزارییان بۆ راکێشرێت؟**

- تاپۆکردنی ئەو زەوییانەی سەنەدیان نییە کاریشی لەسەر کراوەو قۆناغی باشی بڕیوە و لەهەردوو ڕووی پلانسازی و نەخشەی کەرتی شوێنەکان ئامادەکراوەو بەشێکی گەڕاوەتەوە بۆ شارەوانی هەولێرو لە هەولێرەوە دەستمان پێکردووەو لەئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکرداری پێدانی سەنەد بەو زەوییانە دەکرێت کە تا ئێستا سەنەدیان نییە .

*** دەڵێن وەزیری شارەوانی سندوقی سکاڵای داناوەو بۆ خۆی دەیکاتەوە ئەو هاووڵاتیەی گلەیی و گازندەی خۆی بخاتە ئەو سندوقەوە بەڕێزت چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- بۆ ئەم مەسەلەیە دوو شێوازمان گرتۆتە بەر یەکێکیان پێشوازیکردنی هاووڵاتیانە لەرۆژی سێشەممە لە ناو پرسەگەی وەزارەتی شارەوانی کە خۆم لەوێ دەیانبینم و پێشوازیان لێدەکەم، شێوازی دووەمیش سندوقی سکاڵایە کە سەیری داوای هاووڵاتیەکە دەکەین و بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان وەڵامیان دەدەینەوە.

*** ئایا چوونی بەڕێزتان رۆژانی سێ شەمە بۆ بینینی هاووڵاتیان لەپرسگە، دوای سەردانەکەی بەڕێز عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆك وەزیران بوو کە پێکەوە لە پرسگەی وەزارەت پێشوازی هاووڵاتیانتان کرد؟**

- ئێمە پێش هاتنی بەڕێز کاك عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ وەزارەتی شارەوانی ئەو بەرنامەیەمان هەبووە، تەنانەت ئەو رۆژەی کاك عیماد تەشریفی هێنا بۆ وەزارەت ئێمە سەرقاڵی پیادەکردنی ئەو بەرنامەیە بووین و هەفتەی پێشتریش هەمان بەرنامەمان هەبوو، خۆشحاڵیش بووین کە بەڕێزی هات و لەگەڵ ئێمەدا بەشداری لەبەرنامەکەمان کرد.

*** بەڕێزت ئەو بیرۆکەیەت چۆن بۆ هات بچیت لە پرسگە دەوام بکەیت، ئایا پرسگەکەت بەدڵ نەبوو یا حەزت کرد فەرمانبەری پرسگە بیت؟**

- پێشوازیکردنی هاووڵاتیان لە پرسگە بۆ دوو مەبەست بوو یەکەمیان ویستم هاووڵاتی ئەو هەستەی لادروست بێت کە ئەو چەند کیلۆمەترێکی بڕیبێت و گەیشتبێتە دەرگای وەزارەت، ئەوا وەزیریش ئامادەیە چەند مەترێك ببڕێت و بەپێشوازی هاووڵاتیانەوە بچێت . دووەم بۆ ئەوە بوو کە ئەو گیانە لای کارمەندەکان بچەسپێنم کە پێویستە هاووڵاتی هەست بکات ڕێزی لێدەگیرێت.

*** ئایا چوونی تۆ بۆ پرسگە ئەرکی کارمەندەکان قورستر ناکات؟ یان ئایا ئەو خەڵکەی دێتە پرسگە و داواکاری هەیە و راستەوخۆ بە تۆ دەڵێت، تۆ هەمووی جێبەجێ دەکەیت، یان بەپێی یاسا بۆیان جێبەجێ دەکەیت؟**

- هیچ وەزیرێك ناتوانێت بەتەنها شتی بۆ بکرێت و بگـــرە ببێتـــە بەدیلی هیـــچ فەرمانبەرێکی وەزارەتەکـــەی تەنانەت بـــەو کارمەندە بەڕێزەی کە لەپرســـگەش کاردەکات، مـــن تەنیا رۆژێك دەچمە پرسگە رۆژانی تر فەرمانبەری پرسگە پێشوازی لەخەڵکی دەکات زۆر گرنگیشە ئێمە ئـــەم کلتووری ڕێزگرتن لـــە هاووڵاتی بکەینە بناغـــەو لای فەرمانبەری خۆمـــان و بەهەند وەرگرتنی داواکارییەکەی ئەرکێکی سەرشـــانی ئێمەیە، بۆیە کە دەچمە پرســـگە دەمەوێت ئەو پەیامـــە بگەیەنم بەکارمەندی پرســـگەکانمان کە دەبێت بەمشـــێوەیە مامەڵە لەگەڵ موراجیع بکرێـــت کاتێکیش وەزیرێك خۆی بەو شـــێوازە مامەڵە لەگەڵ موراجیعـــەکان دەکات هاندەرو ڕێنیشاندەرێك دەبێت بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتەکە کـــە بەهەمانشـــێوە مامەڵە لەگەڵ موراجیع بکەن . ســـەبارەت بە داواکارییەکانی هاووڵاتیانیش،ئێمە بەو پێیەی ئەو دەسەڵاتەمان هەیە راســـتەوخۆ هەر کارێك لە ڕووی یاسایی داو بەپێـــی ڕێنماییەکانمان بێـــت و بگونجێت وەڵامی داواکارییەکانی هاووڵاتییان دەدرێتەوەو فەرمانی جێبەجێکردنی لەوێ یادواتر وەڵامیان دەدەینەوە .

*** جەنابت باسی دابەشکردنی زەویت کرد، ماوەی حەوت ساڵە زەوی دابەش نەکراوەو خەڵکێکی زۆر لەچاوەڕوانی زەوی دابەشـــکردندایە، ئایا هیچ بەرنامەیەك هەیە بۆ زەوی دابەشـــکردن ئەگەر هەیە میکانیزمی دابەشکردنەکە چۆن دەبێت؟**

- بەداخەوە ئێمە لە تێڕوانینمان بۆ دابەشکردنی زەوی لەساڵانی رابردوو دەرئەنجامێکمان دەست کەوتووە کە دابەشـــکردنی زەوی وەکو پێویست نەبووەتە پارێزگای بۆ کەمکردنەوەی کێشـــەی نیشتەجێبوون، ئێمە کاتێك زەوی دابەش دەکەین زەوی نیشـــتەجێ دابەش دەکەین واتا ســـەرەتا دەبێت زەمانەتی ئەوە وەرگرین کە دابەشـــکردنی پارچەیەکـــی زەوی دەبێتە هۆی نەهێشـــتنی گرفتی نیشتەجێبوونی هاووڵاتی یا خانەوادەیەك، پارچە زەوی وا هەیە تا ئێســـتا ١٠ – ٢٠ جار فرۆشراوەو هێشتا هەر زەوییەو خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، ئێمە لەمبوارەدا دوو شت دەکەین زەوی دابـــەش ناکەین تا لەتوانـــای خۆمان نەڕوانین لەمەســـەلەی گەیشتنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانەی کە زەوی لێ دابەش دەکەین، هاوکات پێویســـتە بگەینە ئەو قەناعەتەی دابەشکردنی زەوی دەبێتە هـــۆی کەمکردنـــەوەی گرفتی نیشـــتەجێبوون، واتا چی تـــر زەوی بۆ کڕین و فرۆشـــتن دابەش ناکەین دابەشکردنی زەوی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونە.

*** هەولێر کێشـــەیەکی گەورەی ئاوەڕۆی هەیە چەند ساڵە بەڵێن و پەیمان دەدرێت بەوەی پڕۆژەی وا گـــەورە هەیە، ئایا هیچ بەرنامەیەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوەڕۆی هەولێر؟**

- زەحمەترین کار ئەوەیە کە شارێك دوای ئەوەی ئاوەدان دەکرێتەوەو بەو شێوەیە فراوان دەبێت و بێ ئاوەڕۆ بێت، دواتر پێیت و لەژێر هەموو شەقامەکان و بـــەردەم هەمـــوو ماڵەکاندا ئاوەڕۆ دروســـت بکەیت، ئەمە لەڕووی تەکنیکیەوە کارێکی زۆر زەحمەتە و لەڕووی تواناشەوە توانایەکی یەکجار زۆر گەورەی دەوێت، ئەم توانایە پێشـــتر قۆناغ بەقۆناغ نەبـــووە و هەڵکەوتەی هەولێریش وەکو شارێك لەسەر ڕووبەی پانتاییەکی زۆر فراوانی تەخـــت بنیاتنراوە و بـــەرزو نزمی کەمە، زەوی راســـتیش زەحمەتترە بۆ گواستنەوەی ئاوەڕۆکان لەخاڵێك بۆ خاڵێکی تر.

بەڵام دەتوانم بڵێم هۆکاری ســـەرەکی جێبەجێ نەکردنـــی پڕۆژەکانی ئـــاوەڕۆ بـــۆ نەبوونی توانـــای دارایـــی دەگەڕایـــەوە، چونکە ئەمە کارێکـــە نە وەبەرهێنەر کاری تێدا دەکات تاوەکو وەبەرهێنەرێـــك پڕۆژەکە بـــکات و پارەی تێدا خەرج بکات و تواتر لـــە ڕێگای کرێی ئاوەڕۆ وە پارەکـــەی خۆی بەدەســـتبهێنێتەوە، چونکە ئێمـــە کرێی ئاوەڕۆ لەهاووڵاتـــی وەرناگرینەوە بۆیە دەبێت حکومـــەت ١٠٠٪ی خەرجیەکانی ئەم مەســـەلەیە دابین بکات، ئـــەم پڕۆژەیە بۆ ئەمساڵ ٢٠١٢ لەپلاندایە، تاکو بودجە پەسەند نەکرێـــت ناتوانین هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ پڕۆژەی ئاوەڕۆکـــە بنێین، ئومێدی ئەوەم هەیە ئەندامانی پەرلەمان زۆر پاڵپشتی دروستکردنی ئەو ئاوەڕۆیە بکەن .

*** ئەی ســـەبارەت بە پڕۆژەی خاوێنکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك؟**

- ئەم مەســـەلەیەش یەکێکە لەو مەســـەلانەی لـــە ئەولەویەتی کارەکانـــی ئێمەیە، بۆ ئەمەش نـــەك تەنیـــا لەقۆناغی کۆکردنـــەوەی زبڵ و خاشـــاك هەنگاومـــان هەڵگرتـــووە، بەڵکو بۆ ماستەرپلانەکەشـــی پێـــش چەنـــد رۆژێك لە وەزارەت لەســـیمنارێکدا خرایە ڕوو کە یونسیف بەهـــاوکاری کارمەندان و ئەندازیارانی وەزارەتی شارەوانی ماســـتەرپلانێکیان بۆ چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاکی شاری هەولێر داڕشتووەو تەواو بووە و بۆ شـــاری ســـلێمانیش ئامادەکراوەو لەم چەند رۆژەدا سیمناری لەسەر پێشنیار دەکرێت. ئێستا لەشـــارە گەورەکان بەتایبەتی لەسەنتەری شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك هەموو ئەو گرێبەســـتانە چوونەتە بواری جێبەجێکردن، بۆ مەسەلەی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاکەکەش ئەم لایەنە زۆر قورس نییـــە لەبەر ئەوەی ئێمە پاشەڕۆی زۆر قورســـمان نییە کە پێویستی بە چارەسەر قورس هەبێت، بەپێی ڕوپێوێك دەرکەوتووە لە ٧٥٪ ی پاشەڕۆی هەولێر پاشەڕۆی خواردنە، ئەمەش چارەسەرکردنی زۆر ئاسانە و گۆڕینی ئەم پاشماوانە بۆ پەین و ماددەی تر کارێکی زۆر قوورس نییە، لەهەموو گرێبەستەکانی وەزارەتی شـــارەوانی چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان هەیە کە هەندێکی بەژێر گڵ کردنە وەك چارەســـەرێکی کاتی، بۆ چارەسەرکردنی تەواوەتیش لە ڕێگای کارگەکانی ریســـایکلینەوە دەبێت کە لەهەولێر گرێبەســـت کراوە و لەمـــاوەی چەند رۆژێکدا خاوەنی گرێبەســـتەکە دێت و ڕووبەرێکی زەوی لە دوو شـــوێنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە ئێمە وەردەگرێت و چارەسەری پاشەڕۆکان دەکرێت و بەشێوەی وەبەرهێنانە، ئێستا بەشێوەیەکی گشتی بەرچاومان ڕوونـــە لەچۆنییەتی پاککردنەوەی شاروشارۆچکەکان و لە راپۆرتێکی دەزگایەکی چاودێری لەسەر ئاستی عێراقدا هەردوو شاری ســـلێمانی و هەولێر لە ریزبەندی یەکەمی شارە پاکوخاوێنەکانی عێراق دێن .

*** ئەی ســـەبارەت بـــە پاککردنەوەی شـــوێنە گەشتیارییەکان هیچ هەنگاوتان هەڵگرتووە؟**

- مەسەلەی پاککردنەوەی شوێنە گەشتیارییەکان کێشـــەیەکی زۆر گەورەی وەزارەتی شارەوانی و گەشـــتوگوزارە و زۆربەی جاریـــش ڕەخنەمان لێ دەگیرێت، ئەو شـــێوازی گەشتوگوزارییەی لەهەرێمی کوردســـتان هەیە ئەزموونێکی تاك و ناوازەیە لەهیچ شوێنێکی دنیا نییە، تۆ سەیربکە تەنیا لەرۆژێکی هەینـــی بەتایبەتی لەوەرزی بەهـــاردا ٤٠٠ هەزار کەس دەچێت بۆ ســـەیران و گەشتوگوزار لەڕووبەرێکی فراوانی هەزارەها دۆنم لەســـەری شـــاخێکەوە تا ناودۆڵ و دەشت و کەناری ڕووبـــارەکان، ئالێرەدا هیچ ئالیەت و توانایەك نییە بـــەدوای ئەم پانتاییەی هەزارەها دۆنم بگەڕێت و پاکی بکاتەوە ئەوەی توانیومانە لەنێوان شارەکان لەسەر ڕێگا سەرەکیەکان دەبێت خاوەنـــی کۆمپانیاکە بەپێی گرێبەســـتەکە ئەو شوێنانە خاوێن بکاتەوە. ئێستاکە تەنیا ڕێگای هۆشـــیارکردنەوەی خەڵکمـــان لەبەردەمدایـــە کەبەلانی کەمەوە تەنها پاشماوەکانیان بخەنە ناو کیسێکەوەو بیکەیەننە شوێنێك کە ئۆتۆمبێلێکی شـــارەوانی یا کۆمپانیا بیکاتێ و کۆی بکاتەوە .

*** ئێمە حەز دەکەین لە ڕێگەی ئەم دیمانەیەوە ئەگەر شـــتێکت مابێ بە خەڵکی کوردستانی بڵێیت؟**

- هـــاوکاری و یارمەتـــی خەڵکمان پێویســـتە هەر لەدەســـتگرتن بەئاویخواردنەوە تا ڕاگرتنی پاکوخاوێنـــی شاروشـــارۆجگەکان و شـــوێنە گەشـــتیارییەکان، شـــارەوانی بەجیـــا لەهـــەر دامودەزگایەکی تر پێویســـتە ئـــەم دەزگایانە بەموڵکـــی خـــۆی بزانێـــت و پێوەنـــدی نێوان هاووڵاتیان و شارەوانی بەهێزبکرێت و وای لێبێت کارمەندو بەرپرســـانی شـــارەوانی بەخزمەتکار بزانـــن، ئێمـــەش لەلایـــەن خۆمانـــەوە هەموو هەوڵەکانمان بەو ئاراســـتەیە دەچێت کە پێوەندی نێوان خەڵك و شـــارەوانی بەهێز بێت و هاوکاری یەکتر بـــن، چونکە کارو ماندووبوونەکان لەپێناو خزمەتکردنی خەڵکدایە .